# سرۆ عەبدولواحید: داوا لەسەرۆک کۆمار و وەزیرە کوردەکان دەکەین با هەوەستیان روونبەت و لە بەغدا بکشێنەوە

سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت، "داوا لە سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکەین مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم لە ململانێ سیاسییەکان دووربخاتەوە. دەشڵێت، داوا لەسەرۆک کۆمار و وەزیرە کوردەکانیش دەکەین ئێگەر بەراستی دەیانەوێت کێشەی مووچە چارەسەر بکرێت با هەوەستیان روونبەت و لە بەغدا بکشێنەوە".

ئەمە پێنجشەممە ٢٩ـی ئایاری ٢٠٢٥، سرۆ عەبدولواحید، سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند، داوا لە محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکەین مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم لە ململانێ سیاسیەکان دووربخاتەوە.

وتیشی، داوا لەسەرۆک کۆمار و وەزیرە کوردەکانیش دەکەن ئێگەر بە راستی دەیانەوێت کێشەی مووچە چارەسەر بکرێت با هەوەستیان روون بێت و لە بەغدا بکشێنەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئێگەر سزای پارتی ویەکێتی بدرێت با سەرچاوەکانی داهات وبازرگانی ئەو دوو حزبە لە بەغدا و باشوری عێراق ببڕدرێت.